ژوری توێژینەوەی سیاسی

بزوتنەوەی گۆڕان

# قەیرانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

## ڕەهەندەکانی وازنەهێنانی بارزانی لە پۆستی سەرۆکی هەرێم

نەبەرد محمد



ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان
Tel: 009647481505010
Email: research.gorran@gmail.com
تشرینی یەکەمی ٢٠١٧

# قەیرانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

## رەهەندەکانی وازنەهێنانی بارزانی لە پۆستی سەرۆکی هەرێم

**ئامادەکردنی**
**نەبەرد محمد**

**ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان**
**Tel: 009647481505010**
**Email: research.gorran@gmail.com**
**تشرینی یەکەمی ٢٠١٧**

### پێڕست

دەستپێک ....... ٣
پوختە ....... ٤
هۆکارەکانی دەست بەردارنەبونی بارزانی لە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ....... ٥
یەکەم/ هۆکاری سیاسی، سەربازی و ئەمنی (پێگەی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم) ....... ٥
دووەم/ هۆکاری ئابوری ....... ٧
سێیەم/ هۆکاری کۆمەڵایەتی ....... ١١
چوارەم/ هۆکاری سایکۆلۆژی ....... ١٦
دەرەنجام ....... ٢٣
پێشنیار ....... ٢٥
سەرچاوە و پەراوێزەکان ....... ٢٦

## دەستپێک

قۆرخکردنی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان، گەیشتوەتە ئاستێک کە راستەوخۆ کاریگەری کردوەتە سەر ئاراستەکردنی ژیانی دانیشتوانی هەرێم. بەجۆرێک سەرچاوەی گرفتە ئابوری، سیاسی و تەنانەت کۆمەڵایەتیەکانیش گرێدراون بە قۆرخکردنی دەسەڵاتەوە، بەتایبەت قۆرخکردنی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان.

کێشەی سەرۆکایەتی هەرێم، کێشەیەکی هەنوکەیی و وابەستەیە بە پرۆسەی سیاسی هەرێم و ژیانی هاوڵاتیەکانی.

دوای ئەوەی ماوەی ولایەتی بارزانی لە پۆستی سەرۆکی هەرێم کۆتایهات ، بەڵام ئامادە نەبوو دەستبەرداری ئەو پۆستەی ببێت. بەو میتۆدەی کە زیاتر لە جیهانی سێیەمدا پەیڕەو دەکرێت، بارزانی بە نانەوەی تەنگژەی زیاتر، لە هەوڵدایە بۆ پتەوکردنی پێگەکەی لە دەسەڵات. چونکە سەرجەم قۆناغە یاسایی و شەرعیەکانی دەسەڵاتی خۆی لەدەستداوە.[١]

دوای ئەوەی بارزانی پاڵپشتی و هێزی یاسایی لە دەستدا، نەیتوانی فشارەکانی بەسەر تەواوی هیزە سیاسیەکان پیادە بکات، بۆیە پەنای برد بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ ئەوەی سزای سەرجەم ئەو حیزب و لایەنە سیاسی و تەنانەت خەڵکی ناوچە جیاوازانەش بدات، کە ڕازینین بە مانەوەی لە پۆستەکەیدا بەشێوەیەکی نایاسایی.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی ئەو ڕەهەند و پاڵنەرانەی کە لەپشت دەستبەردارنەبونی بارزانین لە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

# پوختە

لەم توێژینەوەیەدا بەکورتی ئەو هۆکارانە باسدەکەین، کە پاڵنەرن بۆ مانەوەی بارزانی لە پۆستەکەیدا. مەسعود بارزانی سەرەڕای ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٩ وە بوتە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان. لە سەروبەندی ڕاپەڕینی کوردستانی عێراقدا، لە هەوڵی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا بووە، بە ململانێ لەگەڵ حیزبی ڕکابەریدا کە یەکێتی نیشتمانی کوردستانە. دوای ساڵانێک لەشەڕی ناوخۆ و دوو ئیدارەیی لە نێوان هەردوو پارتی دەسەڵاتدار (پارتی و یەکێتی). دواتر هەردولا لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات و پێکهاتنی حکومەتێکی یەکگرتوی ڕوکەش پێکهاتن. دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس و لەگەڵ هاتنی ئەمەریکاییەکان بۆ عێراق لە ٢٠٠٣، قۆناغی دەسەڵاتداری و خەباتی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا چوەتە قۆناغێکی تر .

مەسعود بارزانی لە ساڵی ٢٠٠٥ و بە هەڵبژاردن، پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی وەرگرت، بە ڕێککەوتن لەگەڵ یەکێتی، بۆ جاری دووەم بۆ هەمان پۆست هەڵبژێردرایەوە. لە ساڵی ٢٠١٣ وە بە ڕەسمی ماوەی سەرۆکایەتیەکەی کۆتایی هات. دوای ئەوەی لە پەرلەمانی کوردستان، لە ٣٠ی (حوزەیران)ی هەمان ساڵداو بەشێوەیەکی نایاسایی، لەلایەن هەردوو فراکسیۆنی (یەکێتی و پارتی) لە پەرلەمان بەشێوەیەکی نایاسایی و بەرێککەوتنی هەردولا ماوەکەیان  بۆ دوو ساڵی تر درێژ کردەوە. ئەگەرچی لەپرۆژەیاسایەی کە ماوەکەی بارزانی تیادا درێژکرایەوە هاتووە، کە بۆ جاری دووەم یارای درێژکردنەوەی نابێت. دوای تەواو بوونی ئەم وادەیەش، بارزانی لەڕێگەی ئەنجومەنی شورا، شەرعیەتی بەخۆیدا وەک سەرۆکی هەرێم بمێنێتەوە تا هەڵبژاردنی ئایندە.! وە لە مانگی ١٠ی ساڵی ٢٠١٥ وە بارزانی سەرجەم دەزگاکانی دەوڵەت و پارلەمانیشی پەکخست، کاتێک کە ویستیان یاسای سەرۆکایەتیەکەی هەموار بکەنەوە. لەو کاتەوە بە بریارێکی حزبی پەرلەمانی پەکخست و خۆیشی ئامادە نەبوو بەهیچ جۆرێک دەسبەرداری پۆستەکەی ببێت.

دیارترین ئەو هۆکارانەی وادەکەن بارزانی دەسبەرداری پۆستەکەی نەبێت، لەم توێژینەوەیەدا بەسەر چوار هۆکاردا دابەشکراوە ئەوانیش؛ یەکەم/ (پێگەی سەرۆکایەتی هەرێم)  هۆکاری سیاسی، سەربازی و ئەمنی، دووەم/ هۆکاری ئابوری، سێیەم/ هۆکاری کۆمەڵایەتی و چوارەم/ هۆکاری سایکۆلۆژیە.

## هۆکارەکانی دەست بەردارنەبونی بارزانی لە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

### یەکەم/ هۆکاری سیاسی، سەربازی و ئەمنی (پێگەی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم)

بەشێکی زۆر لەو وڵاتانەی کە بە ئاشکرا سیستەمی دیکتاتۆری پەیڕەو دەکەن، زۆر کات یاساکان بەپێی دەسەڵاتەکانی سەرۆک یان حیزبی باڵادەستی ئەو ووڵاتە ڕێکدەخرێن. بۆیە دەتوانین بڵێین دەسەڵاتی دیموکراسی لە سەرتاسەری دونیا، پەیوەندی بە نەبونی یاساوە نیە، بەڵکو زیاتر پەیوەندی بە چۆنیەتی یاسا و زەمانەتی دیموکراسی هەیە لە یاساو دەستوری وڵاتەکەیاندا.

ئەوەی پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە، پێداگیری بارزانی و پارتەکەیەتی بۆ مانەوەی لەو پۆستەو دارشتنی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم و تەنانەت دەستوری هەرێمی کوردستان (کە ساڵی ۲۰۰۹ پارتی ویستی بیخاتە ڕاپرسیەوە) بۆ بەرژەوەندی پارتی و خودی بارزانی.

لە هەرێمی کوردستانی عیراق، بەم جۆرە پێناسەی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم دەکرێت"سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پێکهاتەیەکی سیاسی، ئیداری و یاساییە، بەپێی ماددەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم) لە یاسای ژمارە (۱)ی ساڵی ۲۰۰٥ی هەموارکراو، سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرۆکی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێکردنە لە هەرێمی کوردستان و فەرماندەی گشتی هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستانە، سەرۆکی هەرێم بە دەنگدانی گشتی نهێنی ڕاستەوخۆ بۆ ماوەی چوار ساڵ لەلایەن هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستانەوە هەڵدەبژێردرێت و دەشێ بۆ جاری دووەم هەڵبژێردرێتەوە".

"سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە نوێنەرایەتی پێکهاتەی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەکات، سەرپەرشتی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و دەسەڵاتە فیدراڵیەکان دەکات، نوێنەرایەتی گەلی کوردستان دەکات لە ئەنجومەنی باڵای ناوەندی سیاسی عیراق کە لە (سەرۆکی کۆمار – سەرۆکی وەزیران – سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی پێکهاتوو)".

"سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی پاراستن و بەجێگەیاندنی مافەکانی گەلی کوردستان کە لە دەستوری هەمیشەیی عێراقدا چەسپاون، بەناوی گەلی کوردستان ڕاوێژ و گفتوگۆ لەگەڵ لایەنە عیراقیەکان دەکات و هەماهەنگی لەنێوان دەسەڵاتە فیدراڵیەکان و دەسەڵاتەکانی هەرێم ڕێکدەخات. {۲}

ئەوەی لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمدا جێگای مەترسیە و بە گرفتی دەسەڵات دادەنرێت، لە دوو خاڵدا خۆی دەبینێتەوە:

١. سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرۆکی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێکرنە لە هەرێمی کوردستان؛ کە دەکاتە (مەسعود بارزانی) ئەم بڕگەی یاساکە مەودایەکی فراوان لە دەسەڵاتخوازی دەبەخشێت بە سەرۆکی هەرێم، لە کاتێکدا کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن بوونی هەیە، سەرۆکی حکومەت دەسەڵاتی تەواوی جێبەجێکردنی پێدراوە، بەڵام لە هەمان کاتدا بەپێی یاسای ناوبراو دەسەڵاتێکی تری جێبەجێکردن هاوشانی حکومەت وەک سەرۆکی باڵای جێبەجێکردن دەناسێنرێت، کە ئەویش سەرۆکی هەرێمی کوردستانە.

بارزانی بەهیچ جۆرێک ئامادە نەبوو بۆ سازشکردن لەسەر هەمواری یاسای سەرۆکایەتیەکەی. هۆکاری سەرەکی قەیرانە سیاسی و ئابورییەکانی هەرێمی کوردستان بە ئاشکرا پەیوەندی بەم پرسەوە هەیە، کاتێک بارزانی ئامادە نیە یاساکە هەمواربکرێتەوە، لەهەمانکاتدا دەیەوێت ماوەی دەسەڵاتەکەی دوای تەواو بونی دوو خول و نیو لە سەرۆکایەتی، بە بڕگەیەک یان فێڵێکی یاسایی دیسان بۆ درێژبکرێتەوە و خۆی لە هەمان پلەو دەسەڵاتدا بهێڵێتەوە.

٢. سەرۆکی هەرێم، فەرماندەی گشتی هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستانە؛ بەپێی یاساکە بارزانی خاوەنی پێگەی سەربازی و ئەمنی باڵایە، بەو پێیەی هێزە چەکدارەکانی هەرێمی کوردستان هێزی جۆراو جۆر و دابەشکراون بەسەر حیزبەکاندا. بۆیە مەترسی بەکارهێنانیان هەیە لە یەکلایی کردنەوەی کێشە ناوخۆییەکاندا. ڕوونتر بڵێین بارزانی ئامادەیە لە هەر کێشەیەکی ناوخۆیی، یان ڕوبەڕوبونەوەی بە تەنگوچەڵەمەی یاسایی، دەست بۆ بەکارهێنانی ئەو هێزانە ببات. بەتایبەت بۆ کۆمەڵگایەکی نیمچە عەسکەری دوای ڕاپەڕین و خاوەن هێزێکی چەکداری حیزبی وەک هەرێمی کوردستان، تەواو مایەی مەترسیە. بەتاییەت بۆ کەسایەتی مەسعود بارزانی، کە بەشداری لە سەرجەم ململانێ ناوخۆییەکان و بەشداری لە شەڕی ناوخۆی کوردستاندا کردووە لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٦٤-١٩٩٨. نزیکترین نمونەش داخستن و پەکخستنی پەرلەمانی کوردستان بوو لەڕێکەوتی ١٢-١٠-٢٠١٥ بە بریارێکی حیزبی و ڕێگەی بەکارهێنانی هێزی سەربازییەوە.

هاوکات یاساکە بەشێوەیەکی مەترسیدار دەسەڵات دەبەخشێت بە خودی بارزانی، هەربۆیەش نایەوێت بەهیچ جۆرێک قسەی لەبارەوە بکرێت. نەک هەر ئەمە بەڵکو ئەو پۆستەی بەم دەسەڵاتانەی ئێستایەوە دەوێت، نایەوێت هیچ کەس لە سەروی دەسەڵاتی خۆیەوە ببینێت، تەنانەت پارلەمانیش کە هەڵبژێردراو و نوێنەری خەڵك و حیزبەکانی کوردستانن.

لەگەڵ یاسای هەموارکراوی ساڵی ٢٠٠٥ ی سەرۆکایەتی هەرێم، بارزانی خۆی سەرۆکایەتی هێزە چەکدارەکان دەکات، کە ژمارەیان نزیکەی ٢٠٠ دووسەد هەزار چەکدار دەبێت، هاوکات کوڕەکەی بارزانیش ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمە. بەمەش زۆرینەی هێزی سەربازی و ئەمنی هەرێمی کوردستان لەژێر دەستی سەرۆکی هەرێمدایە. لە ئێستاشدا باوک و کوڕ لە بنەماڵەی بارزانی خاوەنی دەسەڵاتێکی بەهێزی ئەمنی وسەربازین.

بوونی دەسەڵاتێکی سەربازی لەم شێوەیە، لای سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مەترسی زیاتر لەسەر سیستەمی سیاسی دروستدەکات. بەتایبەت دوای ئەوەی بارزانی ئامادە نیە پۆستەکەی چۆڵبکات. بۆیە دەسەڵات و پێگەی سەرۆکایەتی هەرێم لە دەسەڵاتێکی دیموکراسی و مەدەنیەوە، بەرەو دەسەڵاتێکی سەربازی و تۆتالیتاری دەبات. هۆکاری سەرەکیش لەپشت بارزانیەوە بۆ چۆڵنەکردنی پۆستەکەی، پەیوەندی بە پاراستنی پێگەی سەرۆکایەتی هەرێمەوە هەیە.

هەرچەندە بە ووردی ئاگاداری ئەو کاردانەوانەیە کە ڕووبەڕوی دەبێتەوە، لەناو هێزە سیاسیە نەیارەکانی و تەنانەت بەشێک لە هاوپەیمانەکانی[٣]. بۆیە لە هەوڵی ئەوەدایە خۆی لەمە ڕزگار بکات، لە ڕێگەی داتاشینی ناوێکی تر بۆ دەسەڵاتەکەی، یان دەستبردن بۆ بابەتێکی هەستیار، تا لەڕێگەیەوە ئەم بابەتە پەردەپۆش بکات.

### دووەم/ هۆکاری ئابوری

هەمیشە ئەو جێگایەی پارەی زۆری لەدەور خڕبۆتەوە، ململانێی زۆرتری لەسەر دەکرێت. ئەو پۆست و پایانەی دەسەڵاتێکی باڵا و لە هەمانکاتدا داهاتێکی مەزنی هەیە، بونەتە جێگای ململانێێ توند. پۆستە سیاسیەکانی وولاتانی ڕۆژهەلات، لەگەڵ دەسەڵاتە سیاسیە زۆرەکانی، دەسەڵاتێکی ئابوری بێپایانیشیان هەیە. سەرۆکی وولاتێکی ڕۆژهەلاتی، پێی وایە هەرچی سەروەت و سامانی وولات هەیە موڵکی خۆیەتی، هەمان تێڕوانینی باوکێک لە کۆمەڵگای باوکسالاریدا بۆ ماڵ و خێزانەکەی. ئەم تێڕوانینە بوەتە گرفێکی سیاسی-ئابوری، سەرۆکی

وولاتانی جیهانی سێیەم هەمیشە لە دەوڵەمەنترین کەسایەتیەکانی وولاتەکانی خۆیانن. بەرژەوەندیە ئابوریە باڵاکانی هەر سەرۆکێک، لە پێش بەرژەوەندی هەر کەسێکی ترە لە وولاتدا. نمونەی ئەوانەش، (مۆبۆتۆ سیسکۆ)ی کۆماری کۆنگۆی دیموکراسی، (ڕافائیل ترۆخیلۆ)ی کۆماری دۆمینیکان، (سومۆزا)ی ولاتی هایتی، (عیدی ئەمینی) ئۆگەندا، (شارلز تایلۆ)ی لیبریا و (فێردیناند مارکۆس)ی فلیپین. ڕاپۆرتی شەفافیەتی نێودەوڵەتی لیست و ناوی بەشێک لەم ولاتانەو وچەندین سەرۆکی ولاتانی تر بڵاو دەکاتەوە کە خاوەنی سەرمایەی بێپایانن، بەڵام بارودۆخی ئابوری و ژیانی هاوولاتیان لە ئاستێکی زۆر خراپدایە.{٤}

بەو پێیەی سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت لەلایەن بارزانیەوە قۆرخکراوە. بارزانی خۆی وەک سەرۆکی هەرێم و برازاکەی (نێچیرڤان بارزانی) وەک سەرۆکی حکومەت، تەواوی سەرچاوە ئابوریەکانی هەرێمی کوردستانیان کۆنترۆڵکردووە. سەرجەم ئەو گرێبەستە ئابورییە زەبەلاحانەی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی حکومەتی هەرێمەوە لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکان ئیمزا دەکرێن، لای بارزانی و برازاکەی ڕوون و ئاشکران، بەڵام لای هاولاتیان و پەرلەمان ناڕون و شاراوەن.

ناڕوونی لە گرێبەستی پەنجا ساڵەی هەرێم و تورکیا، هەرێم و کۆمپانیای (ڕۆزنەفت)ی ڕووسی، هەرێم و (دانە غاز)ی ئیماراتی و ...هتد، بەبێ ئاگاداری پەرلەمان و لەڕێگەی سەرۆکی حکومەت، بە چاودێری و ئاگاداری خودی بارزانی، ئەوەمان پێدەڵێت کە بەشی هەرە زۆری داهاتی هەرێمی کوردستان کە لە نەوت و سامانی سروشتی پێکهاتووە، لەلایەن بارزانیەوە قۆرخکراوە. بۆیە هیچ کەس جگە لە خۆی و نزیکەکانی و ئەو کەسانەی شەریکن، ئاگاداری داهات و سامانی کوردستان نین، بەتایبەت لە دوای نەمانی پرۆژە یاسای بودجەوە لە پەرلەمان.

بارزانی کە ئێستا وەک سەرۆکی هەرێم خۆی نمایش دەکات، ئایا هیچ بەرژەوەندیەکی تری ئابوری هەیە لەم پۆستەدا؟ با بزانین موچە و ئیمتیازاتی سەرۆکی هەرێم چەندە، بەپێی ئامار و بەڵگە بڵاوکراوەکان.

بەپێێ بەراورد کاریەک لە نێوان موچەی سەرۆکی وولاتانی دونیادا، موچەی بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمێکی پێنج ملیۆن کەسی (لە ماوەی سەرۆکایەتی شەرعی و ئێستای بەسەرچونی پۆستەکەی)، دەکاتە نزیکەی (٤،٨٠٠،٠٠٠) چوار ملیۆن و هەشت سەد هەزار

دۆلار[٥]، کە نزیکەی (١٢) دوازدە ئەوەندەی هەریەک لە سەرۆکی وولاتانی (ئەمەریکا، فرەنسا، نەمسا، ئوسترالیا، بەلجیکا و مەکسیک)ە، وە زیاتر لە (٢٠) بیست ئەوەندەی هەریەک لە سەرۆکی وولاتانی (بەریتانیا، ئەڵمانیا، ئیرلەندا دانیمارک و ئازەربایجان)ە، نزیکەی(٣٠) سی ئەوەندەی هەریەک لە سەرۆکی وولاتانی (تورکیا، چین، ئەرجەنتین، کۆریای باشور شیلی و ڕووسیا)ە.

ئەمە وەک موچە، کە بارزانی بە تەنها خۆی موچەیەکی زۆر باڵای هەیە، ئاشکرا بۆی دەستەبەرکراوە و وەریدەگرێت، سەرەڕای ئەو بودجەیەی کە بۆ سەرۆکایەتی هەرێم و لە پرۆژە یاسای بودجەدا تەرخانکراوە.

بەپێی موازەنەی وەزارەتەکانی ساڵی ٢٠١٣ (الموازنە الجاریە للوزارات لسنە/ ٢٠١٣) ئەو خەرجیانەی کە بۆ سەرۆکایەتی هەرێم لە ماوەی ساڵێکدا سەرفدەکرێت، بەپێێ بودجەی هەرێمی کوردستان، بە گشتی دەکاتە (٤٢،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) چل و دوو ملیار دینار. بەم پێیە بێت ئەو پارەیەی تەرخانکراوە بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، یەکسانە بە بودجەی هەریەک لە سەرۆکایەتی دەستەو وەزارەتەکانی وەک؛ (پەرلەمانی کوردستان، ئەنجومەنی دادوەری، وەزارەتی پیشەسازی و ووزە، وەزارەتی داد، دەستەی گشتی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی هەرێمی کورستان). وە دوو ئەوەندەی هەریەکە لە (دەزگای مینی هەرێم، دەستەی پاراستنی ژینگە، دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ، دەستەی وەبەرهێنان، وەزارەتی پلاندانان و دیوانی چاودێری دارایی). لە هەمان کاتدا ئەم بوجەیە زیاتر لە نیوە ٥/٣ (سێ لەسەر پێنجی) سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی بەشێکی زۆر لە پارەی هەرێمی کوردستان بۆ پرۆژەکانی سەری ڕەش تەرخاندەکرێت، کە ماڵی بارزانی لێیە، بەبێ ئەوەی سەرۆکایەتی هەرێم تا ئێستا بینای تایبەت بەخۆی هەبێت. بەجۆرێک کە تەنها لە ساڵی ٢٠١٠ نزیکەی (١٥) ملیار دینار بۆ پرۆژەکانی سەری ڕەش تەرخانکراوە.[٦]

هەر بەپێی موازەنەکە (الموازنە الجاریە للوزارات لسنە/ ٢٠١٣)، ژمارەی کارمەندەکانی سەرۆکایەتی هەرێم (٤٣٠) کەسە، کە دەکاتە نزیکەی هەمان ژمارەی کارمەندانی هەریەک لە دامەزراوەکانی (پەرلەمانی کوردستان، دیوانی چاودێری دارایی، دەزگای وەبەرهێنان، دەزگای سەربەخۆیی مافەکانی مرۆڤ، دەستەی پاراستنی ژینگەی هەرێم، دەستەی گشتی ناوچە کێشە لەسەرەکانی هەرێمی کوردستان و دەزگای گشتی مین لە هەرێم).[٧]

له ساڵی ۲۰۱۳ دا زۆربەی ئیمتیازاتەکان لە کارمەند و بودجەدا، تایبەت بە دەستە و وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستان، سەرۆکایەتی هەرێم وەک پەرلەمانی کوردستان مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. واتە بە تەنها سەرۆکایەتی هەرێم ئیمتیازاتەکانی ئەوەندەی پەرلەمانی کوردستانە. بەپێی ئەو موازەنەیە لە تولّی (المصرف الفعلی لغایە ۲۰۱۲/٦/۳۰)دا سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، خەرجیەکانی لە خەرجی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان زیاتر بووە.[٨]

کەواتە سەرۆکایەتی هەرێم وەک دەزگایەکی زەبەلاحی سیاسی-ئابوری لە هەرێمی کوردستان مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. هەرچەندە لە ئێستادا ئەو پۆستە هیچ بیانویەکی یاسایی نەماوە، بەڵام بارزانی ئامادە نیە دەست لە هیچ یەک لەو ئیمتیازاتانە هەڵبگرێت. بە پێچەوانەوە وەک دەزگایەکی شەرعی خۆی نمایشدەکات و بە مافی ڕەوای خۆی دەزانێت سەرجەم ئەو خەرجیانە وەربگرێت. تەنانەت ڕوون نیە لە ساتی نەمانی پرۆژە یاسای بودجەدا لە ساڵی ۲۰۱۳ وە، ئێستا چەند و چۆن بودجەی سەرۆکایەتی هەرێم سەرف دەکرێت.

بارزانی خۆی بە ترۆپکی دەسەڵات لە کوردستان دەزانێت، بەو پێیەی لە کۆبونەوەی ٧/حوزەیرانی ۲۰۱۷ لەگەڵ بەشێک لە حیزبە کوردستانیەکان بە بێ بەشداری بزوتنەوەی گۆرامن و کۆمەڵی ئیسلامی ئەنجامیاندا، سەبارەت بە دیاریکردنی کاتی ڕیفراندۆم، بارزانی ئەوەی بە ئاشکرا ڕاگەیاند، کە ئەو خۆی پارەو خەرجیەکانی (کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان) دابیندەکات بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم. لەم دۆخە سیاسیە ناجۆر و بۆشاییە یاسایی و سیاسیەی لە هەرێمی کوردستان هەیە، خودی خۆی مامەڵە بە تەواوی پارە و داهاتی هەرێمی کوردستانەوە دەکات، یان لانی کەم لەڕێگەی چەند کەسێک لەناو حکومەت و هەندێک حیزبەوە، بە ئاگاداری ئەو داهاتی هەرێمی کوردستان دەستی بەسەردا گیراوە. ئەگەرنا چۆن و بەچی، بارزانی پارەیی پرۆسەیەکی وەک ڕیفراندۆم دابین دەکات؟ دواتریش بە منەت دەیداتەوە بە خەڵکی، کە ئەو بڕیاری ڕیفراندۆمی داوە و خۆیشی خەرجیەکانی بۆ دابین بکات.

لەژێر ڕووشنایی ئەو زانیاریانەی خراونەتە ڕوو سەبارەت بە لایەنی ئابوری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، پێدەچێت بارزانی بەو ئاسانیە دەستبەرداری پۆستەکەی نەبێت. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە هۆکاری ئابوری یەکێکە لە ڕەهەندە بەهێزەکانی پشت وازنەهێنانی لە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە شەرعی و نا شەرعی .




### سێیەم/ هۆکاری کۆمەڵایەتی

سیستەمی پارتایەتی لە دونیای ئەمڕۆدا، یەکێکە لە سیما دیارەکانی خەباتی مەدەنی و سیاسی لە ناو کۆمەڵگا جیاوازەکاندا. هەندێک لە سەرکردە کلاسیکی و بنەماڵە ناودارەکانی جیهان، لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجە چینایەتیەکانی خۆیاندا، هاوکات گرێدانی بە خەباتی نەتەوەیی و دەستگرتن بەسەر دامەزراوە دەستوریەکانی دەوڵەتدا، پەنا دەبەنە بەر دامەزراندنی پارتی سیاسی. بەمانە دەوترێت (پارتی بنەماڵە)[٩]، ئەم پارتانە لەو کۆمەڵگایانەدا دروست دەبن، کە سیستەمی نیمچە دەرەبەگی و درەبەگایەتی، باڵی بەسەر

کۆمەڵگاکەیاندا کێشاوە. لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوریەوە هێشتا لەدوای کۆمەڵگاکانی تری دونیاوەن. بەتایبەت لەناو ئەو کۆمەڵگایانەی کە بنچینەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا، لەسەر بنەمای تیرە و هۆز دامەزراوە. ئینتیمای خێڵ هێشتا لە ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتیمانی بەهێزترە.

لە نمونەی ئەو پارتانە؛ (پارتی کۆنگرەی نەتەوەیی) لە هندستان (جەواهیر لال نەهرۆ). وولاتی هندستان کە تا ئێستاش لە ڕوی کۆمەلایەتیەوە لە پێکهاتەی جیا جیای کۆمەلایەتی پێک دێت، لە چەند کاستێک (طبقات الاجتماعیه caste) پێک هاتووە. ئەم کاستانە لە ڕوی کۆمەلایەتی و تەنانەت یاسایش جێگایان بۆ کراوەتەوە و هەموو چینەکان خۆیان لە تێکەلاوی کۆمەلایەتی یەکتر دەپارێزن، بەرامبەر بە چینەکانی تر. ئەم ستراکتۆرە لە کۆمەڵگای هیندستاندا ڕێگای بۆ دروستکردنی ڕەمز و کەسایەتی پیرۆزی ئاینی، سیاسی و کۆمەلایەتی ئاسانتر کردووە. هەرچەندە پارتی کۆنگرەی نەتەوەیی لە هندستان، بە ئامانجی ڕزگاری نەتەوەیی هیند و سیستەمی دیموکراسی دامەزراوە لە ساڵی ١٨٨٥، بەڵام لە ئێستادا بنەماڵەی جەواهیر لال نەهرۆ ڕابەرایەتی ئەم پارتە نەتەوەییە دەکەن. لە ساڵی ١٩٤٧ کە هندستان سەربەخۆیی لە بەریتانیا ڕادەگەیەنێت، تا ئێستا ئەم پارتە لەلایەن ئەو بنەماڵەیەوە بەڕێوە دەبرێت. لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٤ (ڕائول غاندی) کە بە سێ پشت دەگاتەوە بە جەواهیر لال نەهرۆی باپیرە گەورەی، وەک نوێنەری پارتەکە بۆ سەرۆکایەتی وولات کاندید کرا.{١٠}

یەکێکی دیکە لەو نمونانە (پارتی گەل)ی سەر بە بنەماڵەی (زولفەقار علی بۆتۆ) لە پاکستان. ئەم پارتە لە مانگی یازدەی ١٩٦٧ لەلایەن زولفەقار علی بۆتۆ، لە کۆمەڵگایەکی پڕ لە چینایەتی کۆمەلایەتی و ئاینی وەک پاکستان دامەزراوە. ئەم پارتە بەدرێژایی دروستبونی بەردەوام لەناو سیاسەت و حوکمڕانی ئەو وولاتەدا بوون. هەرچەندە ئێستا وەک پارتی ئۆپۆزسیۆن کاردەکەن، بەڵام بەڕێوەبردنی پارتەکە لە دامەزراندنیەوە تا ئێستا لەو بنەماڵەیە تێپەڕی نەکردوە. دوای دامەزرێنەرەکەی، (بیگم نصرت بوتو) کە کوردێکی ڕۆژهەلاتی کوردستانە و خەڵکی ئەصفەهانە، هاوکات هاوسەری (علی بوتۆ) بوە لەدوای هاوسەرەکەی بۆ ماوەی سێ ساڵ سەرۆکی پارتەکە دەبێت و دواتر دەسەلاتی پارتەکە بۆ (بونەزیر علی بۆتۆ) بەجێدەمێنێت. تا ئێستاش هەر لەدەست ئەو بنەماڵەیەدایە. (بلاول بوتۆ زرداری) کە تەمەنی تەنها ٢٩ ساڵە و لە ٢٠٠٧ ەوە، واتە ماوەی (١٠) دە ساڵیشە

سەرۆکایەتی ئەو حیزبەی لە ئەستۆیە، بەم پێیە لە تەمەنی نۆزدە ساڵیەوە سەرۆکایەتی پارتەکەی باپیری دەکات.{١١}

(پارتی سۆسیالیستی پێشکەوتوخواز)ی لە لوبنان سەر بە بنەماڵەی (کەمال جونبلات). لە ساڵی ١٩٤٩ ئەو حیزبە لەسەر سەردەستی کەمال جونبلات دادەمەزرێت، ئێستاش (وەلید جونبلات) کوڕی سەرۆکی پێشوی پارتەکە، کە هەمان ساڵی دامەزراندنی پارتەکەی لەدایک بووە، سەرۆکایەتی دەکات. هەروەها نمونەی تری نزیک لە دەوروبەرمان، ئەو وڵاتە عەرەبیانەن کە بەر شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی کەوتوون، لە نمونەی دیار و بەرجەستەن.

بەشێک لەو پارتانە لە قۆناغێکدا دەسەڵاتی دەوڵەتیان لە ئەستۆ گرتووە، هەندێکیشیان تا ئێستا بەناوی بنەماڵەکانیانەوە حوکم دەکەن. لە نمونەی حوکمڕانی و دەسەڵاتی بنەماڵەیش؛ کۆریای باکورە، کە لە ساڵی ١٩٨٤ ەوە (کیم ئیل سۆنگ)، سەرۆکایەتی دەوڵەت دەکات، دواتریش بۆ کوڕەکەی (کیم جۆن ئیل)، ئێستاش دەسەڵاتی تەواوی وڵات لای (کیم جۆن ین)ە{١٢}، کە بە گەنجە دیکتاتۆرەکە ناوبانگی دەرکردووە.

دەوڵەتی شانشینی سعودیە لە محمد بن سعود (بنەماڵەی ئالسعود) دەسەڵاتەکەیان دەستپێدەکات ساڵی ١٧٤٤، تا دەگات بە شا عبدالعزیزە ١٩٣٢-١٩٥٣ وە بە شانشینی سعودی عەرەبی ناسراوە، دواتر لە شا سەلمان کوڕی و ئێستایش (محمد ی کوڕی شا سەلمان) وەک جێنشین بۆ پاشایەتی دیاریکراوە، واتە لە ساڵی ١٧٤٤ ەوە شانشینی دەستیپێکردوە و بەپێی سیستەمەکە تا کۆتایی بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت.{١٢}

ئەوەی پەیوەندی بە کوردستانی عیراقەوە هەیە، کە پارتی بنەماڵە بوونی هەیە، ئەویش (پارتی دیموکراتی کوردستان)ە. لەهەمانکاتدا دەسەڵاتی سیاسی و حکومەتیش بە ئەندازەیەکی زۆر دەستی بەسەردا گیراوە لەلایەن بنەماڵەی بارزانی و بەتایبەتیش پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن (مەسعود بارزانی)ەوە.

بارزانی سەرەڕای ئەوەی ناوچەیەکی فراوان و سنوری نێوان (تورکیا، عیراق و ئیران) پێکدێنێت. بەڵام لە ئێستادا زیاتر بە عەشیرەت ناسراون. بارزانیەکان زیاتر لە خێڵەکانی کورد پابەندن بە عادات و نەریتی خێڵەکی خۆیان، بەنمونە؛ لەڕووی ئادابی خێڵەکیشەوە، لەدوای هەر سەرۆک خێڵێک ڕاستەوخۆ دەبێت لەناو بنەماڵەکەیدا سەرۆک خێڵێکی تر ئامادە بکرێت و لەشوێنی ئەو دابنرێت. {١٤}

لەڕووی کاری سیاسیەوە، بنەماڵەی بارزان لە ڕابەرایەتی کردنی شۆڕشەکانی کورد لەدژی دەسەڵاتی عوسمانی و حکومەتی عێراقی، بە قوربانیدانی (شێخ عبدلسلامی دووەم) و دوای ئەویش (شێخ ئەحمەدی بارزان)، یەک لەدوای یەک جێگای ئەوی تریان پڕ کردوەتەوە. هەتا هاتنی مەلا مستەفای بارزان، کە جۆرێک گۆڕانکاری لە خەباتی سیاسی و چەکداری ڕوودەدات. تا ساڵی ١٩٦٩ کە شێخ ئەحمەدی بارزان کۆچی داوایی دەکات، بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی و سەربازی بارزانیەکان بە مەلا مستەفا دەسپێردرێت، شێخ ئەحمەدیش کاروباری عەشیرەتەکە لە ئەستۆ دەگرێت .

لەساتی دامەزراندی پارتی دیموکراتی کوردستان ١٩٤٦ و تا گەڕانەوەی مەلا مستەفا بارزانی لە سۆڤیەت ١٩٥٨، پارتی وەک حیزبێکی سیاسی نەتەوەیی خۆی نمایش دەکرد، بەڵام نەسلی بەڕێوەبردنی خێڵەکی لە ناو پارتیدا ڕەنگدانەوی دەبێت، بەتایبەت دوای ناکۆکی نێوان سەرۆکی پارتی و باڵی مەکتەبی سیاسی. دواتر ئەم نەسلە بە ڕوونی دەردەکەوێت و مەسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی لەلایەن مەلا مستەفای باوکیان دەهێنرێنە پێشەوە بۆ ناو ڕیزەکانی پارتی، تا لە کۆنگرەی هەشتەمی پارتی و لە ١٩٧٠/٧/١ هەردووکیان وەک ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دانران.{١٥}

ئێستاش کە لەساڵی ١٩٧٩ وە مەسعود بارزانی وەک سەرۆکی پارتی سەرۆکایەتی ئەو حیزبە دەکات، لەهەمان کاتدا بەشێکی زۆر لە ئەندامانی بنەماڵەی بارزان، دەسەڵاتی تەواویان پێدراوە لەناو حیزبدا. دوابەدوای دامەزراندنی دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە ساڵی ١٩٩٢، پاشان لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس ٢٠٠٣، بەدەیان کەسی ناو بنەماڵەی بارزانی لە پلە و پایەی گرنگی حکومەت، چ لە حکومەتی فیدراڵی و چ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دانراون .

سات بەسات و لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی ناوچەکە، گۆڕانیش بەسەر شێوەی کارکردنی پاریتیدا هاتووە، کە موڵکی تەواوەتی بنەماڵەی بارزانین. تا ئێستا هیچ کەس لەناو پارتی زاتی ئەوە ناکات ڕۆژێک لە ڕۆژان نەک باسی بکات، بەڵکو بەخەیاڵیشیدا بێت کە دەسەڵاتی ئەو پارتە وەربگرێت.

ئەم بۆچونە بەتەواوی لەناو دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ڕەنگی داوەتەوە. بارزانی وەک سەرۆکی هەرێم، تێڕوانینی بۆ پۆستەکەی، هەمان تێڕوانینی خێڵەکەیەتی بۆ پێگە کۆمەلایەتیەکەی، چۆن لە نەریتی خێڵدا، هەمیشە هەوڵدەدرێت

دەسەڵاتی خۆیان بەسەر خێڵەکانی دەوورو بەردا بسەپێنن. لە ئێستاشدا پارتی دەیەوێت دەسەڵاتی پارتی و بنەماڵەی بارزانی بەسەر تەواوی باشوری کوردستاندا بسەپێنن، هەڵبەت ئەمە لەڕێگەی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمەوە وەگەڕ دەخات. سەرەڕای دابەشکردنی پۆستە باڵاکانی حکومەتی هەرێمی کورستان لەلایەن بنەماڵەکەی خۆیەوە وەک؛ سەرۆکی حکومەت، ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایش، پۆستە باڵا سەربازی و نوێنەرایەتیەکانی دەرەوە. دواتریش بەهۆی ئەو دەسەڵاتە زۆرەی سەرۆکی هەرێم هەیەتی، بەتایبەت دوای دەستبەسەرداگرتنی داهات و سەرچاوەی سروشتی و نەوتی هەرێمی کوردستان، دەیەوێت دەسەڵاتەکەی بەسەر پارچەکانی تری کوردستانیش درێژ بکاتەوە، هەرچەندە لەمەیاندا گۆڕانکاریەکانی ناوچەکە بە پێ و بەختی بارزانی هەڵناکات، بەتایبەت لە باکور و ڕۆژئاوای کوردستان.

ئەم دیدە خێڵەکیە لەناو دامەزراوە حکومیەکانی هەرێمی کوردستان، لەڕێگەی مەسعود بارزانیەوە ئاڕاستە دەکرێت، هەوڵدەدات دەسەڵات لەدوای خۆی بدات بەدەست یەکێکی تر لە ئەندامانی بنەماڵەکەی، نزیکتر لە ڕاستی بیدات بەدەست یەکێک لە کوڕەکانی خۆی. بەهەمان ئەو نەریتی خێڵەکیەی، کە دەبێت خۆمان بەهێزترین بین. ئەو سیستەمەی لەناو پارتیدا پەیڕەو دەکرێت، کە سیستەمی سەرۆکایەتی و پشتاو پشتە، دەیانەوێت هەمان سیستەم لەناو حکومەتیشدا پەیڕەو بکەن.




### چوارەم/ هۆکاری سایکۆلۆژی

بارزانی وەک زۆرێک لە سەرکردەی وولاتە داخراوەکانی دونیا، ئەوانەی بە هۆی جۆرێک لە شەرعیەتی شۆڕشگێڕی، یان کودەتای سەربازی، هەتا بە شێوەی دیموکراسی و هەڵبژاردنیش دەسەڵات وەردەگرن. هەمیشە پێی وایە کە باشترین و بێ وێنەترین سەرکردەو سەرۆکە بۆ گەلەکەی. ئەم جۆرە لە تێڕوانینی بۆ دەسەڵات، زیاتر کاردانەوەیکی دەروونیە، کە لە زانستی سایکۆلۆژیدا بە (نێرجسی) یان (خودئەڤینی) ناودەبرێت. هاوکات خۆبەزلزانی لە بەڕێوەبردن و دەسەڵادا، تەوەهومێکی سیاسی زیانبەخشی بەرهەم هێناوە.[١٦] بۆ نمونە کاتێک لە (محمد ڕەزا) شای ئێران دەپرسن دەربارەی هێز و دەسەڵاتەکەی لە ئێران،

بەجۆرێک باسی دەکات کە پێی وایە ئێران لەوپەڕی هێز و توانایدایە، وەئێران بە گرنگترین ناوچەی جیهان دەچوێنێت. تا دەگات بەوەی بڵێت؛ جەنگی جیهانی سێیەم لەسەر ئێران هەڵدەگیرسێت.[١٧]

لێرەدا بەکورتی چەند خاڵێک لەبارەی نیرجسیەتی دەسەڵاتی بارزانی دەخەینە ڕوو؛

١. عینادی سیاسی*

نمونەی سەرۆک و سەرکردە عینادەکانی جیهان، ئاماژەن بۆ درئەنجامە زیانبەخشەکانی دوای خۆیان بەسەر گەل و نەتەوەکانیاندا. دیارترین نمونەکانی دونیای ئەم سەردەمە، هەریەک لە سەرۆکی کۆریای باکور (کیم جۆن یۆن) و سەرۆکی سوریا (بەشار حافز ئەسەد)ە.

لە کەسایەتی هەردوو سەرۆکدا عینادیەکەی شێلگیرانە بەدیدەکرێت. لە کۆریا دوای هەوڵی تەواوی وولاتان، بە گفتوگۆ و پەیوەندی دیبلۆماسی، هێشتا ئامادە نیە کەمترین سازش بنوێنێت لە لێدوان و هەڵوێستە توندەکانی بەرامبەر ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی. ئەم سەرکێشیانەی سەرۆکی کۆریا خەریکە جیهان بەرەو جەنگێکی ئەتۆمی مەترسیدار دەبات و گەلەکەی خۆیشی نزیک بوونەتەوە لە مەرگ بەهۆی برسێتی و گەمارۆدانی ئابوری لەسەریان.

لەلایەکی دیکەوە سوریاش لە ئێستادا بە هەمان قۆناغی پڕ مەترسیدا تێپەڕ دەبێت، دوای نزیکەی حەوت ساڵ لە شەڕی ناوخۆ و ململانێ هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیەکان، سەرۆکی ئەو وولاتە ئامادە نیە دەست لە پۆستەکەی هەڵبگرێت. ئەمە لەکاتێکدایە کە کێشەی سوریا لە چوارچێوەی بەهاری عەرەبی و بۆ لابردنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری سەرۆکەکەیان هەڵگیرسا. تەنانەت ئامادە نیە بە گفتوگۆش لەگەڵ هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی وولاتەکەی دوای ئەو ماوە زۆرە لە شەڕ و کوژرانی سەدان هەزار هاووڵاتی و ئاوارەبونی سەدان هەزاری تر، بگاتە ڕێککەوتن.

لە ئاستی سیاسی باڵادا، سەرۆکی وولاتان پێویستیان بە تۆلیرانسی زیاتر و کراوەی بەڕووی دیموکراتیدا هەیە. نواندنی عینادی لای کەسانی سیاسی خاوەن دەسەڵات، جگە لە زیان بۆ خەڵکی و دواتریش بۆ خودی کەسایەتیەکە، هیچ دەرەنجامێکی نابێت، ئەمە سەرەڕای گومان دروستکردن لەسەر کەسایەتی و مێژووە سیاسیەکەیان.

بارزانی لە ماوەی ژیانی سیاسی و حوکمڕانی خۆیدا، زۆرجار عینادی سیاسی لە بڕیارەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. بەشی زۆی ناکۆکیە سیاسیەکان پەیوەندی بە سەختگیری بارزانیەوە هەبووە لە بڕیارەکانیدا، کەمتر ئامادەی سازش بوە بۆ لایەنی بەرامبەر. (پۆڵ بریمەر) حاکمی مەدەنی عیراق، باس لە ئەزموونی خۆی دەکات لەگەڵ سیاسیەکانی عیراق و هەرێمی کوردستان. ئەو بارزانی بە پیاوێکی ڕەق و سەختگیر ناودەبات، مامەڵەی بارزانی بۆ ئەو مامەڵەیەکی نا هاوسەنگ بووە، زیاتر وەک سەرۆک خێڵێک و کەمتر وەک سیاسی هەڵسوکەوتی کردووە. [١٨]

دواهەمین بڕیاری بارزانیش ڕیفراندۆمی ٩/٢٥ بوو. بارزانی عینادی زۆری پیشاندا بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکە. ئەوەش بە ڕەتکردنەوەی داواکاری نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەمریکا، بەریتانیا، وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، ووڵاتانی ئیقلیمی بەتایبەت تورکیاو ئێران، داواکاری ناوخۆیی لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان، تەنانەت پاش ئەنجامدانی پرۆسەکە نامەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (ریکس تیلەرسن) ئاشکرابوو کە دوو ڕۆژ بەر لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بەدیلی ئەمریکای بۆ دواخستنی ڕیفراندۆم ئاراستەی بارزانی کردبوو، بەڵام عینادی و سوربونی بارزانی لە ئەنجامدانی ریفراندۆم کاردانەوەی زۆر نێگەتیڤی بەدوای خۆیدا هێنا. لەوانەش ڕەتکردەنەوەی پرۆسەکە لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، زۆربەی ووڵاتە نێودەوڵەتی و ووڵاتانی دراوسێ. دواهەمین کاردانەوەش بڕیارو سزاکانی حکومەتی عێراق بوو دژ بە هەرێمی کوردستان.

سەرجەم ئەو کاردانەوە سلبیانەی دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم هاتنە پێش، دەرئەنجامی عینادی بارزانی بوو لەو بڕیارەی لەگەڵ بەشێک لە حیزبەکانی کوردستان دەریانکرد. کە ئاکامەکەی خۆی بینییەوە بە لە دەستدانی نزیکەی ٤٤ هەزار کیلۆمەتر لە خاکی کوردستان و سەرجەم ناوچە دابراوەکان، کە بەرامبەرە بەرێژەی ٥١% خاکی کوردستان، ئەمانەش کۆی ئەو ناوجانە بون کە دوای هاتنی داعش، بەتایبەت لە ساڵی ٢٠١٤ ەوە بەخوێنی هەزاران پێشمەرگەی کوردستان لەدەستی داعش ئازاد کرابوون.

بارزانی بەجۆرێک عینادی سیاسی تیادایە، کە بۆ خۆیشی هەست بە مەترسیەکەی ناکات، تەنانەت هەمیشە دەخوازێت وا لە کۆی کۆمەڵگا بکات کە وەک ئەو رێگا بگرێ و وەک ئەویش بیر بکاتەوە، ئەم راستیەش بە ئاشکرا رۆژانە لەڕێگەی سیاسیەکانی دەوروپشتی و حیزب و کەناڵەکانیانەوە هەستی پێ دەکرێ. بۆ نمونە دەیگوت دوای ڕیفراندۆم دۆخی هەرێم دەگۆڕێ و ژیانی هاوڵاتیان لەگشت ئاستەکاندا روو لە گۆرانکاری دەکات و هەڵوێستی وڵاتان و

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش پێچەوانەی بەر لە ئەنجامدانی ریفراندۆم دەبێتەوە. بێگومان ئەمە جۆرێک بوو لە خەیاڵێکی نا واقیعی، کە تەنها لەو عینادیەوە سەرچاوەی گرتبوو کە لە خەیاڵدانی بارزانیدا بوونی هەبوو. بێگومان ئێستاش هەموومان دەرەنجامی پرۆسەکەی دەبین، کە چەندە پێچەوانەی پێشبینیەکانی بارزانی بوو و جگە لە شکست و ماڵوێرانی و ئافات و قەیرانی زیاتر بۆ هەرێم و هاونیشتیمانیانی کوردستان هیچی دیکەی لێ بەدی نەکرا.

۲. خود ئەڤینی(narcissism)

لە گفتوگۆیەکدا (قەزافی) سەرۆکی پێشوی لیبیا، کە ڕۆژنامەنوسی ئیتاڵی (ئۆریانا فالاچی) لەگەڵیدا ئەنجامیداوە دەڵێ؛ ئەگەر جیهان بگەڕێتەوە بۆ کتێبە سەوزەکەی ئەو "واتە قەزافی"، ئەوا کێشەکان هەموو چارەسەر دەبن. یان چارەسەری تەواوی کێشەکانی جیهان لە کتێبە سەوزەکەی ئەودا دەبینرێتەوە.

وەک چۆن شای ئێران لە کاتی شکستی دەسەڵاتەکەی و بەرەو کۆتایی سیستەمی حوکمڕانی بنەماڵەکەی لە ساڵی ١٩٧٩، پێی وابوو دوای ئەو جەنگی جیهانی سێیەم لەسەر وولاتەکەی ئەو ڕوو دەدات.{١٩}

خود ئەڤینی بە دیاردەیەکی جیهانی دادەنرێت، زۆرن ئەو کەسانەی لە هەندێ قۆناغی تەمەنیاندا توشی ئەم حاڵەتە دەبن. بەڵام ئەم دیاردەیە بۆ کەسانی سیاسی خاوەن دەسەڵات، تاڕادەیەک نائاساییە. کەسی سیاسی دەبێ بە ئەندازەیەکی زۆر کەسایەتیەکی هاوسەنگ و کراوە بێت. سەرکردەی سەرکەوتوو زیاتر پشت بە ڕاوێژکار و ئەزموندارەکان دەبەستێت، کەمتر لە بڕیاری تاکڕەوی نزیک دەبێتەوە. نابێت خۆشەویستی بۆ خۆی وایلێبکات کە پێی وابێت هەرچی هەنگاوەکانی هەیە تەواو دروست و بەجێن، پێی وابێت دەسەڵات بۆ خودی خۆی، بنەماڵەکەی، عەشیرەت و حیزبەکەی ئەو دروستبووە.

بارزانی بە ئەندازەیەکی زۆر ئەم دیاردەیەی تیادا بەدیدەکرێت. سەرەتاییترین ئاماژە ئەوەیە، کە لەماوەی تەواوبوونی دەسەڵاتەکەی لە ساڵی ٢٠١٣ و جارکی تر لە ٢٠١٥، هەموو کات واپیشانیداوە، کە خۆی داوای ئەو پۆستەی نەکردووە ، بەڵکو خواستێک هەیە دەیەوێت ئەو لە دەسەڵاتدا بهێڵێتەوە و ئەو دەخەنە بەردەم بەرپرسیارێتی بۆ درێژکردنەوەی پۆستەکەی. هەمیشە لەڕێگەی ڕێککەوتنی ژێربەژێر، یان لەڕێگەی پرۆژەی ئامادەکراو لەناو

پەرلەمان و دەرەوەی پەرلەمان، ئەو کارەیان بۆ ئەنجامداوە. ئەمانەی لەڕێگەی هێزە هاوپەیمانەکانی خۆیەوە وەک یەکێتی نیشتمانی کوردستان، یان فراکسیۆنی حیزبەکەی لە پەرلەمان ئەنجامداوە (بەڵام دوای ئەوەی زۆرینەی فراکسیونەکانی پارتە سەرەکیەکانی پەرلەمان لە خولی چوارەمی پەرلەماندا داوایان بۆ هەموارکردنی یاسای سەرۆکایەتی پیشکەشکرد، ئاکامەکەی بارزانی و حیزبەکەی پەرلەمانیان پەکخست، دواتر لە کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی کە لە مانگی ئابی ٢٠١٥ بە سەرۆکایەتی خودی بارزانی سازدرا لە راگەیاندراوی کۆبونەوەکەدا بە ئاشکرا داوای درێژکردنەوەی مانەوەی لە پۆستەکەدا بەیانکرا). ئەمەش پێماندەڵێت بارزانی بەجۆرێک لە کەسایەتی خۆی دەڕوانێت، کە هیچکات قابیلی ئەوە نیە خۆی بخاتە بەردەم دەنگی کەسانێک کە داواکاریەکەیان قبوڵ نیە. کەسایەتی ئەو نابێ دەنگێکی نەشاز بەرامبەری ڕابوەستێت، هەمووکات دوای ئەو ڕووداوانەش، ڕایگەیاندووە کە ئەو خۆی ئەو کارەی ناوێت، بەڵکو بەزۆر شەقام و لایەنەکان زەعامەتی پێدەبەخشن، هەمیشە خۆی بە پێویست پیشانداوە بۆ کۆمەڵگاکەی خۆی، تەنها ئەو فریادڕەسی قۆناغە سەختەکانی ژیانی کۆمەڵگاکەیەتی، هەتا هەرێمی کوردستان بەم دۆخەدا تێپەڕ ببێت، بارزانیش پێوستیەکی حەتمیە و دەبێ بە دەسەڵاتەوە بمێنێتەوە.

خۆی ئەمە ناشارێتەوە، لە کۆبونەویەکی لە شاری کەرکوک دەڵێ؛ ئێمە خەبات بۆ گێڕانەوەی کەرکوک دەکەین، باپیر و باوکی من لەم پێناوەدا خۆیان بەختکرد، ئەگەر منیش نەمتوانی ئەوا جێی دێڵم بۆ نەوەکانم{٢٠}. واتە بارزانی تەنها عاشقی کەسایەتی خۆی نیە، بەڵکو نەسل و نەوکانی خۆیشی بە خەباتگێڕ و شایستەی دەسەڵاتی هەمیشەیی دەزانێت لە دوای خۆی. کە ئەمە بەرزترین پلەی خود ئەڤینیە، کە پێی وایە ئەوەی لە خوێنی ئەو بێت، کەواتە پێوستەو دەبێ وەک موقەدەس سەیر بکرێت.

### ٣. خود سەنتەری(egocentrism)

کەسی خود سەنتەر، دونیا لە پێگەی کەسێتی خۆیەوە دەبینێت. خۆی لە سەنتەر و تەواوی ڕوداوەکانی دەوروبەری، لە ڕوانگەی کەسێتی خۆیەوە پێوانە دەکات. پێی وایە خۆی هەڵگری تێڕوانینی ڕاستەقینەی ڕەهایە، بۆیە هەمیشە هەوڵدەدات کە بۆچونەکانی خۆی بسەپێنێت. ئەم دیاردەیە لە هەندێ کات و قۆناغی تەمەنی مرۆڤدا بە دیاردەیەکی ئاسایی دەبینرێت، بەڵام لە هەندێ کات و قۆناغی تەمەندا گرفتە. بۆ نمونە هەمیشە منداڵ جۆرێک لە

خودسەنتەری هەیە، بەڵام کاتێک ئەمە لە کەسێکی پێگەشتوودا دەبینرێت، بێگومان گرفتە. چ لەڕووی سایکۆلۆجی، چ لە ڕووی کۆمەڵایەتی، بەتایبەت ئەگەر ئەم دیاردەیە لە کەسایەتیەکی سیاسیدا بەدیبکرێت.{٢١}

بەشێک لە کەسایەتیە سیاسیە دیارەکانی جیهان، ئەوانەی ڕەوڕەوەی ژیانی سیاسیان بە ئاڕاستەی تۆتالیتاری بردوە، جۆرێک لە خودسەنتەریان تیادا بووە، کە بەهۆیەوە بڕیارەکانی ئەوانەوە میللەتەکانیان بەرەوە نەهامەتیەکی زۆر بردووە. کەسایەتی دیاری جیهانی (ئەدۆڵف هیتلەر) لەگەڵ فراوانخوازیەکانی بۆ داگیرکاری ئەوروپا، پێیوابوو هێز و سوپاکەی ئەو توانای گرتنی سەخترین شوێن و وڵاتی جیهانی هەیە، هەر ئەمەش وایلێکرد هێرش بکاتە سەر روسیا، بەڵام سەرچاوەی بڕیارەکانی ئەو لە ڕوانگەی بە سەنتەر بینینی کەسایەتی خۆیەوە بوو، دواتر ئەو هێرشەی کە کردییە سەر روسیا دەرهاویشتەکانی پێچەوانە بویەوە و دواجار بوە هۆی شکستی سوپاو وڵاتەکەی لە جەنگی جیهانی دووەمدا.{٢٢}

پەیوەست بە هەرێمی کوردستان ، بڕیاری تاک لایەنە و دروشمی تاک لایەنە، لە کات و ساتی نە گونجاودا، جۆرێکە لە دونیا بینی تاک بەسەر کۆمەڵگاوە. بڕیارە تاکڕەوەکانی بارزانی بەرامبەر هێز و حیزبە سیاسیەکانی تری کوردستان و تەنانەت بەرامبەر دەنگە جیاوازەکانی حیزبەکەی خۆی، نیشانەی تەواوی خودسەنتەریە لای کەسێتی بارزانی.

لە کۆبونەوەی دیاریکردنی ڕۆژی ڕاپرسی لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسیەکان، بە ئاشکرا ووشەی (من) وەک کەسی باڵا دەخاتە ڕوو. ئەو دەڵێ؛ من پارە بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم دابیندەکەم.{٢٣} نمایشکردنی بارزانی لێرەدا تەنها وەک سەرۆکێکی هەڵبژێردراو نیە کە لە ماوەی شەرعی دەسەڵاتەکەیدا، پشتئەستوەر بە دەنگی خەڵک و پیشاندانی دەسەڵات بە نوێنەرایەتی گەل ئەم قسەیە بکات. بەپێچەوانەوە بارزانی لەکاتێکدا ئەم قسەیە دەکات کە بە هەموو شێوەیەک دەسەڵاتەکەی شەرعیەتی نەماوە، پاشان بەشێک لە حیزبە سەرەکیەکانی کوردستان لەگەڵ ڕیفراندۆمەکەی ئەودا نەبوون. کەواتە ئەمە دەلالەتی ئەوەیە کە بارزانی پێماندەڵێت خودی خۆی بە تەنها خاوەنی ئەم پرسەیە .

هەر لە کۆبونەوەی بارزانی لەگەڵ چین و توێژە جیاوازەکان، بۆ ڕیکلامکردنی ڕیفراندۆم، بارزانی بە ئاشکرا دەڵێت؛ ئەنجامی ڕیفراندۆم باش بوو بۆ هەموومان، گەر خراپیش بوو (من) لە ئەستۆی دەگرم و باجەکەی دەدەم.{٢٤} ئەم ووتەیە لە ڕوکەشدا فریودنانێکی زیرەکانەیە، لە ناوەڕۆکیشدا نمایشی کەسێتی خۆیەتی وەک سەرۆکێک، کە لە سەنتەری تەواوی ڕوداوە

سیاسیەکانی دونیای ئێمەدایە، ئێمەش هەموومان بەدەوری دەسەڵاتەکەی ئەودا دەسوڕێینەوە. بارزانی مەبەستی لەوە نیە کە بەڕاستی ئەم بەرپرسیاریەتیە هەڵبگرێت، بەڵکو پێشاندانی کەسێتی باڵای خۆیەتی لەسەر ڕووداوەکان. چونکە لە مێژووی ژیانی خۆیدا دەیان شکست و بڕیاری هەڵەی داوە و باجەکەی تەنها و تەنها میللەت داویەتی، نەک هەر ئەوە، بەڵکو خۆی لێ بێبەری کردوە و شەڕەکەی بۆ خەڵکی بەجێهێشتووە. نمونەی ئەو بڕیارە هەڵانەی لای ئەو دەرچوون و خەڵکیش باجەکەیداوە، ڕێککەوتنی هەولێری نێوان مالیکی و بارزانیە لە ساڵی ٢٠١٠ . دوای هەڵبژاردن لەو ساڵەدا پێکهێنانی حکومەت ماوەی چەند مانگێک دواکەوت، بەڵام بە ڕێککەوتنێک لەلایەن بارزانی و مالیکی، بە ناوی موبادەرە گەورەکەی هەولێر سەرجەم لایەنە جیاوازەکانی عیراق لە هەولێر گفتوگۆیان کردو حکومەتی عیراقیان پێکهێنا. بەڵام دواتر لەلایەن خودی مالیکی و ئەو حکومەتەی لە هەولێر پێکهات موچەی فەرمانبەرانی هەرێم بڕدرا.[٢٥] دواین بریاری هەڵەی بارزانی ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم بوو لەم قۆناغە دژوارەی ئێستادا، کە ئاکامەکەشی جگە لە شکستی سەربازی، بریتی بوو لە گێرانەوەی دۆزی کورد لە عێراق و ناوجەکەو جیهان بۆ چەند دەیەیەکی پێشتر. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج بوو ئەوەبوو کە ئەمجاریش وەک تەواوی جارەکانی دیکە، بارزانی بەرپرسیارێتی ئەم شکستە گەورەیەی پاش ریفراندۆمی لە ئەستۆ نەگرت و ئۆباڵی شکستە سەربازییەکانی بەرامبەر هێزەکانی سوپاو حەشدی شەعبی لە کەرکوک و ناوجەکانی دیکە خستە سەر شانی کۆمەڵێک بەرپسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.




سەرەڕایی کۆتای هاتنی ماوەی درێژکراوەی سەرۆکایەتی بارزانی بۆ دوو ساڵ لە ڕێکەوتی 19/8/2015
بەڵام تا ئێستا بە نایاسایی خۆی سەپاندووە و دوو ساڵە بە دروستکردنی قەیران بەردەوامی داوە بە سەرۆکایەتیەکەی

# بەشێك لە ئەندامانی بنەماڵەی بارزانی



مەسعود بارزانی – سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان



مەسرور بارزانی – سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایش



نێچیرڤان بارزانی – سەرۆکی حکومەتی هەرێم



مەنسور بارزانی – فەرماندەی هێزی گوڵان



ئەدهەم بارزانی – ئەندامی سەرکردایەتی پارتی



دڵشاد بارزانی – نوێنەری حکومەتی هەرێم لە ئەڵمانیا



سیروان بارزانی- خاوەنی کۆرەك تیلیکۆم



سیهاد بارزانی- فەرماندەی فەرماندەیی هێزەکانی پشتیوانی 1



وەجی بارزانی



سیداد بارزانی – بەرپرسی مەکتەبی سەرۆکی هەرێم



بابەکر زێباری- لە خاڵوانی بارزانی و سوپاسالاری پێشوی عێراق



هۆشیار زێباری – خاڵی مەسعود بارزانی و وەزیری دارایی پێشوی عێراق



رەوان بارزانی – لێپرسراوی هێزی تایبەتی نێچیرڤان بارزانی

## دەرەنجام

کێشەی هەنووکەیی لە هەرێمی کوردستانی عیراق، کێشەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە. ئەم کێشە وابەستە کراوە بە بارودۆخی سیاسی و ئابوری هەرێم. سەقامگیری سیاسی و ئابوری گرێدراوە بە سەقامگیری بارزانی لە پۆستەکەیدا. بەپێی زۆرینەی خوێندنەوەکان دەگەینە ئەوەی کە بڵێین پێناچێ بارزانی زۆر بە سانایی دەستبەرداری پۆستەکەی ببێت بەتایبەت لەم قۆناگەی ئێستای کوردستاندا. چونکە خودی قەیران و کێشەکانی ئێستای هەرێمی کوردستان بە گەرانەوە بۆ روداوەکانی دوو ساڵی رابردوو، دەریدەخەن کە کۆی کێشەکان لەپاش کۆتای هاتنی ماوەی یاسای (مەسعود بارزانی) لە پۆستی سەرۆکی هەرێم دەستیان پێکرد، هەر لە قەیرانی دارابیو ئابوری هەرێم بۆ پەکخستنی پەرلەمان، تا پرۆسەی ریفراندۆم و لیکەوتە مەترسیدارەکانی. نەک هەر ئەمە بەڵکو لە ئێستادا بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە هێشتا بارزانی سەرەرای ئەو هەموو قەیران و شکستەی بەرهەمی هێناوە، سەرەرای کۆتای هاتنی ماوەی یاسای سەرۆکایەتیەکەی و بەردەوامبونی لە پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم بۆ ماوەی ١٢ ساڵ، بەڵام هێشتا دەخوازێ بەتەنها خۆی لە لوتکەی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندا ببینێت!!!.

هۆکاری سەرەکی بۆ دەستبەردار نەبوونی بارزانی لە پۆستەکەیدا، دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک. لەوانە؛ هۆکاری سیاسی، ئەمنی و سەربازی؛ بارزانی لە پۆستەکەیدا بەپێی یاسای سەرۆکایەتی هەموارکراوی ساڵی ٢٠٠٥، لە لوتکەی هەرەمی دەسەڵاتدایە. بۆیە هەرگیز ئامادە نیە دەست لە پۆستەکەی هەڵبگرێت، یان لە دەسەڵاتەکانی کەم بکرێتەوە.

هۆکاری ئابوری؛ سەرۆکایەتی هەرێم خاوەنی دەسەڵاتێکی ئابوری گەورە و موچە و بودجەیەکی مەزن، بۆیە ئاسان نیە بارزانی بەمزوانە دەستبەرداری دەسەڵاتەکەی ببێت.

هۆکاری کۆمەڵایەتی؛ بارزانی کار لەسەر دروستکردنی دەسەڵاتی بنەماڵە دەکات لەناو دەزگاکانی دەوڵەت، لەرێگەی بە بنەماڵەیی کردنی حیزبەکەی ئەم ئەزمونەش تێکەڵ بە ئەزمونی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان بکات.

دواهەمینیان هۆکاری سایکۆلۆژی؛ بارزانی جۆرێک لە حاڵەتی (خود ئەڤینی)، (خود سەنتەری) و (عینادی سیاسی) تیادا بەدیدەکرێت، کە کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر بڕیارە سیاسیەکانی هەیە و پێێ وایە خۆی شیاوترین کەسە بۆ ئەوپۆستە.

تێکڕا ئەم هۆکارانە پێکەوە کاریگەریان هەیە لەسەر بارزانی بۆ سوربوونی لە پۆستی سەرۆکی هەرێمدا، لەم توێژینەوەیەدا هۆکارەکان خراونەتە بەر باس و هەوڵدراوە بگات بە دەرنجامێکی دروست.

## پێشنیار

بەپێی دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە، چەند پێشنیارێک دەخرێتە ڕوو بۆ ئایندەی سیستەمی سیاسی و پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، لەم خاڵانەی خوارەوەدا:

١. بۆ بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان، بەم پێکهاتە فرەییەوە، لەڕووی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئاینیەوە. بەتایبەت فرە حیزبی لە کوردستان، کە هیچ لایەنێک توانای بەدەستهێنانی زۆرینەی ڕەهای دەنگەکانی نیە، باشترین سیسیتەم (پەرلەمانی)ە. بۆیە پارتە سیاسیەکان پێویستە جارێکی دیکە بگەرێنەوە بۆ پەرلەمان و لەرێگای هەمواری رەشنوسی هەرێم و یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، کەر بکەن بۆ جێگیرکردنی سیستەمی پەرلەمانی لە هەرێمی کوردستاندا.

٢. چەسپاندنی دیموکراسی لە دەزگاکانی هەرێمی کوردستان، لەڕووی داڕشتنی یاسا و نوسینەوەی دەستورێکی دیموکراسی. دواتر کارکردن بۆ چەسپاندنی پرۆسەی دیموکراسی لەسەر ئەرزی واقیع.

٣. سنوردارکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەوەش لەرێگای هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، و پێدانی ئەو دەسەڵاتانە بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

٤. جێگیرکردنی یاسایەک کە بەتەواوەتی رێگری بکات لە درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی، یان دانانی سزای توند لە ئەگەری هەوڵدان بۆ مانەوەی سەرۆک تا ماوەیەکی درێژ.

٥. پێدانی دەسەڵاتێکی تەشریفاتی بە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەڕووی سیاسی و ئابوریەوە، وەک ئەوەی لە زۆرێک لە سیستمە پەرلەمانیەکاندا پەیرەوی لێدەکرێت. واتە سەرۆکی هەرێم پیگەکەی تەنها وەک ڕەمزێک کە نوێنەرایەتی پاراستن و یەکڕیزی پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان دەکات بپارێزێت.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


١. د.بورهان ا.یاسین. ٢٠١٦. لە قوڵایی سیاسەتدا. چاپی یەکەم. چاپخانەی تاران.

٢. ماڵپەری فەرمی سەرۆکایەتی هەرێم ٢٠١٧ & KRG presidential website) یاسای هەموارکراوی سەرۆکایەتی هەرێم ٢٠٠٥

٣. د.بورهان ا.یاسین. ٢٠١٦. لە قوڵایی سیاسەتدا. چاپی یەکەم. چاپخانەی تاران.

٤. ئاریان ڕەئوف، ٢٠١٧. لێکەوتەکانی کلێپتۆکراسی (حوکمڕانی چەتەکان) لە هەرێمی کوردستان. ژووری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان

٥. سایتی پێنوسەکان ٣٠/ئازار ٢٠١٣ . موچەی سەرۆکەکانی جیهان.
(http://archive.penusakan.com/rangala/12859-2013-03-31-00-04-09.html) & Ekurd.net. 29.6.2010 . Barzani's salary for one month equal to Obama's salary for the entire year.( http://ekurd.net/mismas/articles/misc2010/6/state4002.htm)

٦. لەرێگەی پێگەی ئەلیکترۆنی (محمد ڕەوف)
https://www.facebook.com/MuhamadRauf76/

٧. الموازنه الجاریه للوزارات لسنه/ ٢٠١٣

٨. هەمان سەرچاوە

٩. حوسێن موحەمەد عزیز. (٢٠٠١). ڕۆڵی سیستمی بنەماڵە لە بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان. لێکۆڵینەو و ڕەخنە. سولەیمانی. چاپخانەی ئەزمەر

10. Nahru Family Hierarchy (Dec 30, 2011). www.hierarchstructure.com.

11. Peter Niesewand. (Tuesday 5 April 2016). Pakistans Zulfikar Ali Bhutto excueted-archive. (www.theguardian.com).

12. Anthea Batsakis. (September 6, 2017). North Korea family tree: Who are the major players in the Kim Dynasty?. (http://www.news.com.au)

13. Renee Lightner, Ahmed Al Omran & Ana Rivas (22, 2015 at 7:00 p.m). saudi-arabia-family-tree. http://graphics.wsj.com .Published Jan. ET

١٤. حوسێن موحەمەد عزیز. (٢٠٠١). ڕۆڵی سیستمی بنەماڵە لە بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان. لێکۆڵینەو و ڕەخنە. سولەیمانی. چاپخانەی ئەزمەر

١٥. هەمان سەرچاوە

١٦. د.بورهان ا.یاسین. ٢٠١٦. لە قوڵایی سیاسەتدا. چاپی یەکەم. چاپخانەی تاران.

١٧. ئۆریانا فالاچی. (٢٠١٣). گفتوگۆ لەگەڵ ئەوانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان گۆڕی. وەرگێڕانی، کاوە شێخ عبدولا. سولەیمانی. چاپخانەی کارۆ. لە بڵاوکراوەکانی کۆمپانیای شارپرێس.

* ناونیشانی بابەتێکی توێژەر لە سایتی (NTR) بەرواری ٢٠١٧/٧/١ بە ناونیشانی (عینادی سیاسی، بارزانی باوک و کوڕ وەک نمونە) ببینینی ووتارەکە لەم لینکەدایە(http://www.nrttv.com/birura-details.aspx?Jimare=6652)

١٨. پۆڵ بریمەر. ٢٠١٠. ساڵەکەم لە عیراق.

19. Published on May 31, 2017. (https://www.youtube.com/watch?v=XuqwoHuQIrU)

٢٠. ئۆریانا فالاچی. (٢٠١٣). گفتوگۆ لەگەڵ ئەوانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان گۆڕی. وەرگێڕانی، کاوە شێخ عبدولا. سولەیمانی. چاپخانەی کارۆ. لە بڵاوکراوەکانی کۆمپانیای شارپرێس.

21. Saul McLeod published 2009, updated 2014. Preoperational Stage. (www.simplypsychology.org)

٢٢. ڕەمەزان لاوەند. (٢٠٠٧). جەنگی جیهانی دووەم. وەرگێڕانی، سەفین لاوچاک. سلێمانی. چاپی یەکەم. چاپخانەی چوارچرا.

٢٣. گفوگۆ لەگەڵ محمدی حاجی محمود. ٢٠١٧/٦/٨. تەلەفیزیۆنی NRT بەرنامەی (تاوتوێ).

٢٤. کەناڵی ڕوداوو ٢٠١٧/٨/٢١. کۆبونەوەی بارزانی لەگەڵ سەندیکاکان.

٢٥. وكالة انباء براثا. ٢٠١٠. اتفاقية اربيل السرية بين المالكي والبارزاني سنة ٢٠١٠ وموقعه ومكتوبه بخط ايديهم 17-02-2013. (http://burathanews.com/arabic/news/184725)